پەروەردەی سلێمانی لەبارەی پشووی قوتابخانەکان بەیاری دا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، ئاگاداریەکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کرد "لە هەر پەروەردەیەک ئاستەنگی هاتووچە دروست بووە بیکەن بە پشوو".

لە راگەیەندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ئاماژە بەوە کراوە "هەروەک پێشتر دەسەڵات درابووە بەڕێوەبەری پەروەردەکان و سەرکی یەکە ئیداریەکان، لە هەر پەروەردەیەک ئاستەنگی هاتووچە دروست بووە لە پێناو پاراستن و سەلامەتی گیانی خوێندکاران و قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران بکرێتە پشوو، لەبەربوونی بای بەهێزو کەوەی بەفر".